## سووکایەتی بە ئایین و ئازادی بیروڕا

*لە وڵاتانی ئیسلامی دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆری پێغەمبەری ئیسلام بەردەوامە. پلەبەرزترین قازیی پێشویی ئاڵمان ' هانس یورگن پاپییر' مافی ئازادی دەربڕینی بیروڕا و ئازادی ئایینی لە ئاڵمان سەنگ و سووک دەکا.*

**دی وێلت: پرفیسۆر پاپییر، ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە ئاڵمان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** ئازادی و بیروڕا بایەخێکی بەرزی هەیە. بەشێکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارانەی تا ئێستا دادگای پاراستنی یاسای فیدڕال داویەتی. بەردەوام لەسەر ئەو ئەسڵە تەکید کراوە، کە ئازادی پێوەندی لەتەک یەک گرتن لە نیزامیکی ئازاد و دێمۆکڕاتدا بەڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا دابین کراوە.

**دی وێلت: ئایا یاسا مەیدانی گاڵتە کردن بە ئایینی داوە؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** ئازادی بیروڕا بە ڕوونی بواری گاڵتە وقسەی خۆشیش دەگرێتە بەر. دیارە ڕەخنەگرتن لە ئایینیش ئازادە. بەندی 5ی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان ئەوەش ناڵێت ئایا بڕوایەک باشە یان کەمتر باشە، بایەخی زۆرە یان کەم بایەخە، هۆکارێک بۆ گوتنی هەیە یان نییە و ئایا خاسە یان خراوە؟ ئازادی بیروڕا لە چوارچێوەی یاسا گشتییەکاندا گونجاوە و سنوری دیارە. لێرەدا بەندی 166ی یاسای سزادان دێتە گۆڕێ، کە سزای ئەو کەسانە دەدا وا بە هۆی سووکایەتی کردن بە ئایین، نەزم و ئاشتی گشتی دەخەنە مەترسییەوە. ئەو یاسایەش دەبێ لەبەر ڕووناکایی ئازادی بیروڕای ئاییندا لێکبدرێتەوە.

**دی وێلت: ئەو یاسایە چ گرنگییەکی بۆ ئەو کاریکاتۆڕانەی موحەممەدی پێغەمبەر هەیە؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** کێشە لێرەدایە لە حاڵەتی تایبەتدا سنوور دابنێین، ئایا کاریکاتۆڕێک بە شێوەیەکی تایبەتی سووکایەتی بە ئایینە و جگە لەوەش ئایا سووکایەتییەکە ئاشتی گشتی دەخاتە مەترسییەوە.

بەڵام نابێ یاسای وڵاتیک تەنیا لە سنووری نێوخۆیی ئایینێکدا لێک بدرێتەوە. ئەگەر ئایینێک کێشانەوەی نەقاشی حەرام کردووە، بەو مانایە نییە دەوڵەت ئەم یاسایە بێ ئەم لاو ئەو لا بەڕێوە ببا.

**دی وێلت: ئایا جیاوازییەک لە نێوان ئەوەدا دەبینی کە گۆڤارێکی فکاهی گاڵتە بە موحەممەدی پێغەمبەر دەکات یان بە پاپ سەرۆکی کاتۆلیکەکانی ڕۆم؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** یاسای دەوڵەت یەکسان دەڕوانێتە هەموو ئایینک و پێڕەوانی ئەوان. هەرچەندە لە سنوری لێکدانەوەدا جیاوازییان ببێ و باوەڕمەندانی ئەم یان ئەو ئایین کاردانەوەیان وەک یەک نەبێ: لەم حاڵەتەدا ئازادی و هەست بە بەرپرسبوون توند پێکەوە گرێدراون. ئەوەی سووکایەتی بە ئایین و پێڕەوانی ئایینێک دەکا، بە ئاشکرا کەڵکی نابەجێی لە ئازادی بیروڕا وەرگرتووە. بەڵام ئایا ئەوە دەبێ بە یاسا سزا بدرێ، دەگەڕێتەوە بۆ شێوە و ناوەرۆکی ئەو بیروڕا دەربەڕینە.

**دی وێلت: سیاسەتوانەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد بەندی 166ی یاسای سزادان توندتر بکرێ و بە پێی ئەو هەر کەس سووکایەتی و جوێن بە ئایین دەدا سزا بدرێ، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئایا سووکایەتی و جنێودانەکە ئاشتی و نەزمی گشتی خستۆتە مەترسییەوە یان نا.**

***هانس یورگن پاپییر:*** من ئەوە بە پێویست نازانم. دەوڵەت دەبێ هەل و مەرجی بوونی هاوکاتی ئایینە جیاوازەکان دابین بکا. بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەست بۆ چەکی بەبڕشتتری یاسا بەرێ، کە ئاشتی و نەزمی گشتی بکەوێتە مەترسییەوە.

**دی وێلت: فیلمێک کە تێیدا سووکایەتی بە ئیسلام کراوە بووەتە هۆی سازدانی دەربڕینی نارەزایی خوێناوی لە وڵاتانی ئیسلامی. رووسیا گەرەکییە ئەو فیلمە قەدەغە بکا. دەبێ ئالمان چ کاردانەوەیەکی هەبێ؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** من ئەو فیلمەم نەبینیوە و ناتوانم ئێستا بڕیارێک بدەم. بەڵام ئەوەندەی بیستوومە هەل و مەرج بۆ رەکارهێنانی بەندی 166ی یاسای سزادان بۆ ئەو حاڵەتە گونجاوە. واتە سزادانی یاسایی و یاساخکردنی ئەو فیلمە باسی لەسەر بکرێ. بەڵام بەردەوام دەبی ئەو ئەسڵە لەبەر چاو بگیرێ کە دەوڵەت مافی بنەڕەتی ئەوانەی بە هێدی و هێمنی کەلک لە مافی یاساییان وەردەگرن لە بەرانبەر ئەوانەدا دەپارێزێ، کە توند وتیژی بەکار دەهێنن، نەک پێچەوانەکەی.

**دی وێلت: لە روسیا ژنانی ئەندامی باندی پانکی "Pussy Riot„ لەبەر وەی لە کلیسیایەکدا گاڵتەیان بە سەرۆک پوتین کردووە، سزای دوو ساڵ کاری ئیجبارییان بەسەردا سەپێندراوە. سزای ئەوانەی لە کلیسایەکی بێرلین گاڵتە بە سەدری ئەعزەم بکەن چ دەبێ؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** بۆ وەها کردەوەیەک دیسان بەندی 167ی یاسای سزادان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. واتە تاوانی ئەوانەی موزاحیمی رێ و رەسمی ئایینی دەبن، یان وتەی سوک و سووکایەتی کردن بە کەسێک لە ماڵی خودادا. بۆ وەها تاوانێک سزای هەتا سێ ساڵ بەندیخانە پێشبینی کراوە. بەڵام ئایا هەل و مەرج بۆ وەها سزادانێک لەو حاڵەتە تایبەتەدا سزاوارە دەبێ لە روانگەی یاساییەوە بە وردی بخرێتە بەر چاو.

**دی وێلت: دەکرێ سزادانی ئەندامانی "Pussy Riot„ لە روانگەیەکی دیکەوە چاوی لی بکرێ؟**

***هانس یورگن پاپییر:*** زۆر ئاستەمە. بەڵام سەپاندنی تاوانی دوو ساڵ کاری ئیجباری لە کەمپ بۆ ئەندامانی ئەو گرووپە وێدەچێ بە نیسبەت ئەو تاوانەی کردوویانە، سزایەکی گران بێ.

تێبینی: ئەو وتو و ێژە دوو بەشە. بەشی دووهەمی باسی سیاسەتی ئالمان و یارمەتی بە وڵاتانی ئەندامی یەکییەتی ئوروپایە لە روانگەی یاساییەوە. من تەنیا بەشی یەکەمم تەرجومە کردەوە.

سەرچاوە: Die Welt, Samstag, 13. Oktober 2012